# نەوید دەس پێ بکە و بیڵێ ئێرە جێیەتی!



**هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕەپوانی کورد؛ نەوید زەردی**

**ئا: زانیار عۆمرانی**

نەوید زەردی دەنگێکی یاخی و سەرکێش، لاوێکی خاوەن بەهرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵی ۱۹۹۳ لە باژێڕی مەهاباد لە-
دایک بووە و ماوەی نزیک بەساڵێک دەبێ نیشتەجێ وڵاتی ئەڵمانیایە. ئەلبوومی **"ڕێگا"** وەک فەرمی‌ترین بەرهەمی نەوید لە-
لایەن پسپۆڕانی بواری موسیقای کوردیەوە وەک یەکەمین ئەلبوومی تۆکمەی هیپ‌هۆپی کوردی ناسێندراوە. ئەگەرچی
مێژووی هیپ‌هۆپی کوردی بەهۆگەلێکی لەڕادەبەدەر پۆلین‌بەندی نەکراوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی سە-
رنجڕاکێشی هەیە کە لەبەر نەبوونی پشتیوانی جیددی و ژێرزەوینی‌بوونی ئەم جۆرەموسیقایە لەم وڵاتی ئێران هەلی خۆدە-
رخستنی بۆ نەڕەخساوە؛ بۆوێنە دەتوانین ئاماژە بەم ڕەپڤانە نەناسێندراوانە بکەین: سەنار، یاسر، هەژیر، فەردین، چیا، ڕێنووس
و... . داخۆم نەبوونی سیستەمی پەروەردەیی بەزمانی کوردی چەندە کاریگەری لەسەر ڕێژەی پێشوازی جەماوەر و بەردەنگەکانی ئەم ستایلە
هەیبووە؟ بەڵام نەوید زەردی دەیهەوێ ئەم ستایلە دەنێو موسیقای کوردی‌دا جێگیر بکات.  لەم دیمانەیەدا نەوید لەخۆی و حە-
زوخۆلیاکانی بۆمان دەدوێ، شتگەل هیڤی‌بەخش و وزەبەخش، وەرسکەر هەم لەژیانی تاکەکەسی و هەمیش ژیانی هۆنەری؛ ئەوەی کە
داهاتووی هیپ‌هۆپ لەکوردستان‌دا چوناوچون دەبینێ...

داخۆ نەوید زەردی کێیە؟ لەکوێ لەدایک بووگە؟ تەمەنی چەندساڵە؟ لەئەڵمانیا چ دەکات؟

بەر لەهەر تشتێک، ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ گشت هاوڕێیانی خوێنەر و هێژا. ئەمن **نەوید زەردیم** لەدایک‌بووی
باژێڕی مەهابادی سەربە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان. تەمەنم هەڤدە ساڵە و ئێستەش لە دۆسڵدورفی ئەڵمانیا دەژیم.
پاش لەسێدارەدانی پێنجکەس، لەسابڵاخێ مانگرتن دەستپێکرا، وەکوو هەمیشە باوکم بەداخستنی دەرکەی
دۆکانەکەی، لەو مانگرتنەدا بەشداری کرد. دایکیشم کوو فێرگەی کۆمپیوتەری هەبوو بەداخستنی فێرگەکە بە-
شداری نواند. دوای ئەو ڕووداوانە گیروگرفتمان بۆ سازبوو، ناچار بووین دەستبەجێ لەئێرانێ هەڵبێن. جێ-
ئاماژەیە لەبەر ئەوەی باوکم پێشینەی پێشمەرگایەتی هەبوو و تەنانەت دەستی بریندار بووبوو، مانەوەمان لەمە-
هاباد زەحمەت و تەژی لەمەترسی دەبوو.

کاک نەوید بۆچ ڕەپ؟

کورد نەتەوەیەکە گشتکات لەسەختی و تەنگوچەڵەمەدا ژیاوە، لێ ئەوشتەی زۆرینەی ئێمە لەمۆسیقای
کوردی‌دا دەیبینین، گۆڤەند و هەڵپەڕین یان لاسایی‌کردنەوەی مۆسیقای تورکی و یان چامەگەلی ئەڤیندارانە

بووگە. هەروا خۆتانیش دەزانن ڕەپ ستایلێکی بەرهەڵستکارانەیە کە تەنانەت توانیویەتی گەلێک نەتەوەی بن-
دەست دەرباز بکات وەکوو ڕۆڵی ئەم دوایەی ڕەپڤانە توونێسیەکە! بەگشتی لە ڕەپدا دەکرێ شت و بابەتگە-
لێکی بەرفراوانی ئەڤرۆیی ببێژرێت کوو کەم لەستایلەکان ئەوەیان لێدێت. ئەز یازدەساڵان بووم گوێم لەرەپڤانە
ڕۆژاوایی و ئێرانیەکان دەگرت و ڕیتمی ڕەپەکان ئاوا بوو کە بێئەوەی لەمەبەست تێبگەم، پەیوەندیم لەگەڵدا
دەگرتن. بەرە بەرە کە دەهاتمە پێش گرنگایەتی ڕۆڵی تێکست و چونێتی گۆنجاندنیم دەنێو گۆرانیەکاندا بۆ
ئاشکرا بوو. بەرچاوترین قۆناغی نووسینی تێکست و پەیڤگەلم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی لەئێران هەڵاتین و
بووبووین بە کوچەر. لەکەمپەکاندا کەبووین هەمبانەی پەیڤگەلم هاتە ئاخاڤتن. هەڵبەت ئەمن سەرمەشقێکی گە-
ورە وەکوو **شاهین نەجەفی** ڕەپڤانی ئێرانیم هەبوو کە کارتێکەری حاشاهەڵنەگری بەسەر بەرهەمەکانم بووگە.
بائەوەی ئەز بە پاپ ڕاهاتبووم ئێستاش خۆلی فێربوونی ستایلەکانی ڕاکیش دەبینم بەڵام ستایلی یەکەمین ئە-
لبوومم ڕەپ بوو کە لەچەند گۆرانی، پاپیشی تێکەڵ بوو.

ئەگەر دەکرێ پێمخۆشە هەندێک لەسەرپێناسەی ڕەپدا بئاخڤین، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ کەی و کوێ دەگەڕێتەوە؟ بە چ شێوە گۆرانیەک دەبێژین ڕەپ؟

بەبڕوای زۆرێک لەپسپۆڕانی بواری موسیقا، ئاخێزگەی ڕەپ وڵاتی ئەمریکایە؛ کۆیلە ڕەشپێستەکان دژ بە
سپیپێستەکان هاتنە سەرهڵدان. ئەویش بەوچەشنە کە بەسەر یەکدا پەیڤەکانیان دەدرکاند. ئەمەش بۆخۆی سەرە-
تاییترین شێوازی ڕەپ بوو، لێ ئەگەر بنەڕەتیتر چاوی لێبکەین لەپێش ئەوان و لەرۆژهەڵاتی ئەفریقیا هاتیە
خۆنیشاندان و لەوێ ڕەپ دەستیپێکردووە. بەبۆچوونی ئەز، ئەو کەسەی توانی شوڕشێکی مەزن لەڕەپدا بە-
رهەم بهێنێ و ڕیتمی تایبەتی ڕەپ بەدنیا بناسێنێ **تۆپەک TUPAC** بوو کەپاش وی بوو ڕێڕەوگەلی ئەم
ستایلە ژ بۆ دەربڕینی نارەزایەتیەکانیان کەڵکیان لێوەرگرت. ڕەپ بنەمایەکی بەرهەڵستکارانەی هەیە و بۆ
دەربڕینی وشەگەلێکی زەوەند لەکاتێکی کۆرتخایەندا گۆنجاوترین ستایلە و فرەترین کارتێکەری بەجێدەهێڵێ.

تکایە لە ڕۆڵی تێکست، مووزیک و فۆرمە جیاوازەکان دەنێو هیپهۆپدا بۆمان بدوە.

موسیقای هیپهۆپدا کوو ڕەپ چڵێکی ئەوە، گەلێک جۆری پەیڤ، موسیقا و سەما لەخۆئەگرێ. لەهیپهۆپی
هەنووکەییدا جۆرە پەیڤی فرەوان ئەتوانێ بهۆنرێ وەک **گەنگ**، **نۆکتە و پێکەنین**، **حەماسی** یان بەجۆرێک
**سیاسیش**، **ئەڤیندارانە**، **دژەئەڤین**، **پارتی** یان زۆرێک بابەتی دیکە کەهەریەک لەوانە لەسەر ستایلێکی
موسیقایی جێدەگرن. هەریەک لەو تێکستانەش بەشێوەی گۆنجاوی خۆی ئاهەنگی بۆ دادەڕێژرێ یان زۆرجار
بەپێچەوانەیە؛ واتە بۆ ئاهەنگێکی تایبەت، پەیڤ دەهۆنرێت. گەلێک جۆری سەماشمان لەهیپهۆپدا هەیە کە
پانتایی دنیای هیپهۆپ وەکوو شازرێک دەهەڤبەر چاومان پیشان دەدەن.

ئێوە هیپهۆپ وەکوو ئامرازێک دەزانن بۆ دەربڕینی داڵغە و ژانەکانتان یان وەک ڕوانگەیەکی هۆنەر ژ بۆ هۆنەر سەیری دەکەن و یان تێکەڵاویەک لەمانە؟ چۆناوچۆنی تاوتوێ دەکەنەوە؟

لەهیپهۆپ کەڵک وەردەگرم بۆ دەربڕینی پەیڤگەلێک کەلە ستایلگەلێکیتر ناتوانم بەهرەیان لێبگرم؛ لەبەرئە-
وەی کاتێ ئەمهەوێ وشەگەلێکی زۆر یان بەزمێکی زرپ و ڕووشتەوەر یان گۆرانیەک نۆکتە و قەشمەڕی و
گاڵتەی تێدابێ بەکار بهێنم. ژ بۆ دەربڕینی هەستم لەپاپیش کەڵک وەردەگرم وەک تراکی پێنجی ئەلبوومی **ڕێگا**
کە پێم وابوو بە پاپ دەتوانم هەستی خۆم شیاوتر و باشتر دەربڕم. ئەو ڕەتەش بۆ ڕاکیش ڕاستە. بەگشتی جیا
لەوەی ئەز لەتەک کەلتووری هیپهۆپدا ڕاهاتووم، بواری پسپۆڕێتی خۆشمە و هەروەها چێژی لێوەردە-
گرم؛ بەوچەشنە کە بە ڕیتمی هیپهۆپ چرکەکانم بۆ دەچێتەسەر. لێ ئەمن لەگشت ستایلێک کەڵک وەردەگرم
هەتاکوو پەیڤی خۆمم بە گۆنجاوترین چوارچێوە دربکاندبێ.

لەتێپەڕاندنی ئەم ڕێگا سەخڵەت و تەژی لەتەنگ و چەڵەمەیە، یاریدەدەری سەرەکی و هاندەرت کێ یان کێیان بووگن؟

لەم ڕێگەدا یەکەمین کەسێک بوێرانە یارمەتی دام خۆشکەکەم بوو، باوک و دایکیشم هۆتاڤیان دام. مامۆستاکانم
لەسابڵاخێ بەڕێز **شەماڵ چەرخئەنداز** و ئاهەنگدارێژ **عەلی شەریفزادە** بوون. پاش ئەوەی هاتمەدەرێ
**شاهین نەجەفی** بوو کەبەیارمەتیدان بۆ چێکردنی ئەلبوومی ڕێگا هەتایەهەتایە جێپەنجەی لەبیچمگرتنی هە-

وێنی هزر و ڕامانی من دیاره. **مەجید کازمیش** ئاهەنگداڕێژی ئەلبوومەکە گەلێک زەحمەتی بۆ کێشام هەتاکوو بەباشترین شێوه و به بەکارهێنانی پیانۆ، گیتار و هەروەها کاری میکس و مەستێر، ئیشەکانی ئەلبوومەکەی تێپەڕاند و هاریکاری لەگەڵدا کردم.

نەوید ئەلبۆمی ڕێگا هات و پەیڤێکی نوێی لەموسیقای کوردیدا درکاند، دەنگدانەوەی ئەلبۆمەکە چۆناوچۆن بوو؟ وەچەی هەنووکەیی کوردانی ڕۆژهەڵات تاچەندە لەنێوئاخنی تێکستەکانت نزیکن؟

لەپێش هەمووشتێکدا ئەوەم پێسەیر بوو بۆچ هیچکەس ناتوانێ پێمبێژێ ملۆدییەکی تورکی یان عارەبی یان نازانم هەر کوێندەری لەنێو ئەم ئەلبوومەدایە، هۆکەشی ئەوەیە کە پێکهاتەی ئەلبوومی **ڕێگا** ئۆرجیناڵ و ڕەسەنە و بەسەر خۆیدا ڕاوەستاوە. گەلێک دەنگبێژی بەناوبانگی کورد کوو نها خۆ بە زل و پێشەنگ دەزانن، تێکڕایی ملۆدیەکانیان دزیگە. بۆ دواهەمین جار گوێم لەیەکێک لەم دەنگبێژە کوردانە شلکردبوو، کارێکی فارسی خوێندبوو، ڕێک وەک کارگەلی سەردەمی شا. ملۆدییەکەی بەتەواوەتی دزرابوو، لەحاڵێکدا دەنێو کلیپەکەدا نووسرابوو Arrangment نازانم کێ! ئەوانە گشتیان موسیقای ئێمە بەرەو دوا دەبەن و هیچ جووڵانەوەیەکی پۆزەتیڤ نابینم. پەیڤگەلی هەموویان بە بەراورد لەتەک بیستساڵی پێش جیاوازی تێدابەدی‌ناکرێ و تادێ بەرەو ئاستێکی نزمتر پێنگاڤ دەهاوێژێ.

ئەلبوومی **ڕێگا** بڵاو بووەوە و پسپۆڕانی بواری موسیقا و پەیڤنووسەکان ئەم ئەلبوومەیان بەرز نرخاند. لەتێکستەکاندا تەنانەت ڕێزمانیشم تووشی گۆڕان کردبوو، گەر بەوردی گوێ بدەنە گۆرانی **"پێبڵێن"** کارێکی تەنزە، دەتوانم ماوەیەکی زۆر ئەو تێکستە بخەمە بەر شرۆڤە. ئەلبوومی ڕێگا ڕکۆردی تایبەتی لەسەر ماڵپەڕە ئینتێرنێتیەکان تۆمار کردووە؛ بەفرەتر لە ٤٠ هەزار داگرتن و هەروەها فرۆشی سیدی ئۆرجیناڵەکەشی بەگوێرەی ئەو نووچەگەلە بەدەستمان گەیشتووە، لەرۆژهەڵات و باشووری کوردستان و بەشگەلێکی باکووریش، لەئاستێکی هەرەبەرزدا بیستراوە، تا ڕادەیەک گشتگیر بووگە و خاڵی هەرەگرنگ دەبێ ئاماژەی پێبکەم غەیرە کوردەکانیش لەفارسەوە بگرە هەتا دیکەی نەتەوەکان ئەلبوومەکەیان گوێ لێبووگە. لەکۆنسێرتێکی سۆڤیدیش لەگەڵ ئاهەنگداڕێژەکان بەو ئاکامە گەیشتین کە چونێتی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکە لەهەندەرێن گەلێک شیاوتر بووگە، ئەوەش خۆی هۆگەلێکی تایبەتی هەبووە. بەگشتی کەمتر لەدوو مانگ بەسەر بڵاڤبوونەوەی ئەلبوومی ڕێگا تێدەپەڕێ، کاردانەوەیەکی باش دەنێو هۆگرانی لێکەوتووەتەوە. ئەز خۆم لاوێکی کوردم کە داڵغەکانم تاڕادەیەک هاوبەشی ئەو وەچەیەیە، کەوایە شتگەلێک ئێژم ژانی هاتەمەنەکانی خۆمە.

ناوەرۆکی یەکەم ئەلبۆمی فەرمی نەوید زەردی (ڕێگا) لەسەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لەوانەیە پرسی ژن لەکۆمەڵگای کوردی، شەرمەزارکردنی داب‌ونەریتە کۆنەکان، دۆزی شەرەف یان پرسی نەتەوایەتی جەخت دەکاتەوە و تاڕادەیەکیش ئەزموونی خۆشەویستی نەوید دێنێتە ئاراوە! نەوید زەردی چ دەبێنێ و شێت دەبێ؟

**"وەختێ ژن تا دەمرێ بەردەی مێرد دەبێ"، "نەوید زەردی ئەوانە دەبینێ و شێت دەبێ"، "بۆچی کیژەکانمان ناتوانن لەخیابان پێبکەنن"**، کاتێک تاقانە نەتەوەیەکین بەلە عەرزدانی یەکتر زۆر کەڕەت گەش دەبین، کاتێکی نەیارانمان لەخۆمان فرەتر پێپەسەندە... ئەمن لەجڤاتی ئێراندا ژیاوم و هەمووی هاتنەدەرەوەمساڵێکی نەخایاندووە. کەوابوو ئەمن ئەو شتەی دەڵێم کە بینیومە و وەک ئەوەی کە دەشڵێم **" بێپۆلیش بی کەس نیە دەستت بگرێ، بڵێ خۆشم دەویت و لەتاوت بمرێ"**. وەنەبێ مەبەست ساتێک دەستکۆرتبوونی نەوید زەردی بگەیێنێ بەڵکوو کەلتووری زۆرینەی لاوەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستان دەهێنێتە ڕۆژەڤ. کەهاتمە دەرێ نەوید زەردی بوو، پێنووس و تێنووسێک، چرایەک و کوڵێ پەیڤی نەدرکاو. دەبێ ئەوەش بوترێ زۆربوون کەسانێک چاویان زاقکردبوو سەردانەواندنم چاو لێبکەن، لەپشتسەرمەوە ناو و ناتۆرەیان دەگۆت، بۆختانیان هەڵدەبەست، بۆخۆیان نەوید زەردیان کوشت، دادگایان پێک‌هێنا و حۆکمیان بەسەر سەپاند؛ تەنانەت دەنگۆی ئەوەبوو نەوید مردووە کەئەزیش چەندجار وتوومە **"نەوید نەمردووە و بەسەرت هێشتا زیندووە"**، گەلێک سەختیم دیتووە، بەڵام ناشڵێم پشتم شکا، لەپەیژەی پێشڤەچوونم دەمهەوێ ئەو شۆڕشەی لەموسیقای کوردیدا هەڵمگیرساندووە، لەسەری بەردەوام بم. هەروا ئاگادارن ئەمن پشتیوانی و یارمەتی میدیای کوردیم نەبووگە و بە پێنووس و موسیقاکەم ئەو ڕێگە هەڵبژاردووە دەپێوم. پرسیارتان کرد ئاخۆ نەوید زەردی چ دەبینێ و شێت ئەبێ؟! نەوید زەردی مێژووی نەتەوەی کورد سەیر ئەکا کوو هەر لاپەڕەیەکی بۆنی خوێنی

لێوەدێ، نەوید زەردی دەبینێ چلۆن مارەکان خۆیان حەشار داوە، وەک سەگیھار ماچت دەکەن و دەشڵێن دوای تۆ دنیا قاپاتە، بەڵام لەنھێنیوشاراوەترین قوژبنی مێشکیانەوە، پەتی داری تۆ دەچنن! لەگۆرانی **دۆعا** و **کوردستان**دا سەبارەت بە ئەڤین و ژن دەخوێنم و گۆترە نەوتراون؛ ئامانجێک لەپەیڤگەلم دایە ئەوەیش گۆڕاندنە!

ھۆنینەوەی تێکستەکان ھەمووی کاری خۆتانە، وایە؟ لەو ساتەی پەیڤێک لەمێشکتدا چەکەرە دەکا تاکوو دەبێتە گۆرانیەک ئەمنی بیسەر گوێملێ بێ، چەقۆناغگەلێک تێدەپەڕێنێت؟

کەسێک ناوی **ڕەپڤان** کە ھەڵئەبژێرێ، دەبێ تێکستەکانی ھی خۆی بێ، تێکڕای تێکستگەلی ئەلبوومی ڕێگا بەبێھیچ یارمەتی و ژێدەرێک، نەوید زەردی بۆخۆی ھۆنیویەتین. ئەگەریش بەڵێن وابوو تێکستی کەسێک بە-گۆرانی بچڕم، ناوی پەیڤنووسەکە ڕادەگەیێنم. ھەڵبەت ئەوە شتێکی دوورە، بۆوێنە ڕەنگبێ باوڕنەکراو بێ لێ لەئەلبوومی ڕێگادا تێکستەکان لەستۆدیو یان دەنێو شەمەندەفەر دەمھۆنین و بەکۆرتترین مەودا تۆمارم دە-کردن. قەد قەد سیخۆلەک لەسەر تێکستێکدا دانەنیشتووم؛ ھەر ئەو کارەی **''سانع''** گەگەڵ شاھین نەجەفی خوێندمان، ئاوا ھاتەپێش ساتێک گوێم بۆ ھەواڵەکان شل کردبوو ئەویش وتووێژی براکەی سانع بوو، زەنگم بۆ شاھین لێدا، وتم بەمبۆنەوە ڕیزی خۆمان بۆ شەھید سانع دەربڕین. دەسبەجێ ھەڵبەستەکەی مامۆستا شەریفم - ھەندێک دەستکاری کرد کە دەرکەوتەی بەرھەمەکە دەنگدانەوەیەکی باشی لێکەوتەوە، پێشکەش دایکی-سانعیشی کرا.



ئەی جێ- بەجێ کردنی ڕێکخستنی مووزیک بەئەستۆی کێیە؟

بەئەستۆی **مەجید کازمی** بووگە؛ ڕێزداریان یەکێک لەمەزنترین ژەنیارگەلی ئێرانیە لەکولڵن ژیان ڕادەبوێرێ وشارەزایی لێدانی گەلێک سازی ھەیە، ساڵانێکە لەسەر ڕاکیش مژۆڵە.

ئایا ھیچ گرێبەستێکت لەتەک کۆمپانیاکانی مووزیک لەباشووری کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبۆمەکەت لەوی ھەبووە؟

نا بەداخەوە، ئەلبوومەکە تەنیا لەوێ دانلۆد کراوە و تێکڕای کارەکان لەلایەن کۆمپانیای **''شەڕمووزیکەوە''** بڵاو کرایەتەوە، لێ ژبۆ بڵاو کردنی ئەلبوومەکە ڕێکنەکەوتین؛ لەبەر ئەوەی نێرخی دیسکێکی ئەلبوومەکە دوانزە یورۆوە، لەحاڵێکدا ئەوان دەیانگۆت تا تەشقی سێدۆلارتان دەدەینێ.

پێتوانییە ھۆکاری بگەڕێتەوە بۆ جێنەگرتنی ڕاپ وەکوو ستایلێکی موسیقایی لە جڤاکی کوردیدا؟

ئەو پرسیارە بەوچەشنەش نەبووگە، بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوشتەیە ئەمن ئێژمی، بەداخەوەیە بەهۆی ئەوە کوردەکان دەستیان بەدنیای دەرەوە ڕانەدەگەیشت وامانزانیوە ئەوانەی لەناوەوەی کوردستان خەریکی کارکردنن باشترینن و ئەو ستایلەیش پێشکەوتووترین ستایلە، بەڵام ئەوە دوورە لەڕاستی. تەنانەت ئەو شتانەشمان کە هەبووە، نەپارێزراوە و لەدەس چووگە و کارتێکەری موسیقای تورکی، عارەبی و ئێرانی بەڵگەی سەلمێنەری ئەو پەیڤەمە. ئەوەش دەشێ بوترێ بۆخۆم بیسەری وامهەیە لەسەرووی پەنجاساڵانە و ئەوە بزاڤێکی مێژووی موسیقای کوردیە؛ چلۆن شاهین نەجەفی لەتەک ئێرانیەکاندا بەسەرکەوتن گەیشتووە، ئەزیش وردە وردە لەموسیقای کوردی دەیگەیێنمە لووتکەی شیاوێتی خۆی و بەرسڤ دەگرمەوانێ.

بۆخۆتان لەم ١٠ تراکە، کامەیانت پێ‌شازتر و باودڵ‌تر بوو؟

بۆخۆم کاری **دۆعام** پێ باودڵترە لەبەرئەوەی توانیبووم وێنەیەکەی رئیال و زراڤم سازکردبێ و دۆعا بەخەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنم؛ ئەوەی کە چ قەوماوە؟ کاری **کوردستانیش** گەلێک پێم خۆش بوو؛ لەو گۆرانیەدا توانیبووم گەورەنەمرانی کورد لەپەنای یەک دابنم و سنوورگەلی بیرتەسکی ببەزێنم و بەلاوە کوردەکانیش وتووبێتم کوردبوون جێ شانازیە نە سەرشۆڕی. بەڵام تراکی دە (**مەبەست**) بەوهۆیە لەدنیادا ئەز **پێنجەمین** کەس بووم لەسەر تیمپۆی **١٤٢** ئەو گۆرانیەم چڕیوە و یەکەمینجار لەئەلبوومێکی فەرمی هیپ‌هۆپی کوردی‌دا گۆنجاندوومە، لەلام هەرمانترە.

ئەزموونە تاڵ و هەژێنەرەکەی بەردەبارانکردنی دۆعا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەم ئەلبۆمە. پاش تێپەڕبوونی ٤ساڵ لەو ڕووداوە دڵتەزێنە چۆن بوو نەوید زەردیشی ئاوەها هەژاند؟

ڕاستیت‌بوێ پێش‌هاتنە دەرەوەم بۆ هەندەرێن دۆعام نەدەناسی، هاوڕێیێکم لێرە پێ‌ناساندم، ڤیدیۆکەی پیشاندام، دەوچەلەیدا سەیرم دەکرد قەڵس بووم، بەخۆمدا شکامەوە، ئەو تێکستەم دەسبەجێ نووسی و بەئەرکی خۆم زانی ئەو گۆرانیە بەرهەم بێنم. براستی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو، بۆشم گرنگ نیە ئایا ماوەی بەسەردا چووبێ یان نا، تەنانەت ئەگەر بیست‌ساڵیشی تێپەڕاندبێ هەر دەمچڕی!

ئەگەر بەهەڵەدا نەڕۆیشتبم دوو تراکی ئەلبۆمەکە تێکەڵاویەک لە ڕاپ و پاپ بوو؛ نەوید بۆخۆی خۆلیایەکی هەیە بۆ ئەوەی لەدیکەی فۆرمەکان وەکوو پاپ و ڕاک ئەزموونی هەبێ؟

بەڵێ وایە لەپاپ و ڕاکیش‌دا ئیشم کردووە؛ بەشێوازێکی پرۆفێشناڵ ڕدوویان کەوتووم و دەشسەلمێنم کە سەربەخۆم.

پێت‌وایە ستایلێکی تایبەت کە ناوی ڕاپی کوردی لێ‌بنین، بوونی هەیە؟ ئاخێزگە و بناغەدانەری ڕاپی کوردی کێ یان کێگەل بووگن؟ بەگشتی تاچەندە شارەزاییتان لەسەر ڕەپوانە کوردەکانەوە هەیە؟

چونێتی ڕوانینی نەوید زەردی بۆ ڕەپی کوردی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە جیهانی کردنی ئەم ڕەپە! ئێستە وەک نوێنەری ڕەپی کوردی لەگەورەترین فیستیڤاڵی هیپ‌هۆپی دنیا بانگهێشت کراوم. بەرهەمگەلی ڕەپڤانانی کرمانجیم گوێ لێ‌بووگە، ڕەپڤانی زۆر باشمان هەیە، کارەکانیان جێ سەرنجدانە، بەڵام دیکەی زاراوە کوردەیەکان کەس ناناسم. ئەلبوومی ڕێگا وەک یەکەمین ئەلبوومی فەرمی ناسێندراوی هیپ‌هۆپی کوردی لەدنیادا تۆمار کراوە.

بۆچ لەنێو موسیقای کوردی‌دا، هیپ‌هۆپ جێگای شیاوی خۆی نەدۆزیوەتەوە؟

هۆکەی ڕوونە، ئەو کەسانەی وەک ڕەپڤان خۆیان بەکۆمەڵگەی کوردی ناساندووە و لەسەر شاشەی تلێڤیزیۆنەکاندا خۆیان نواندوە، بابەتگەلێکی ئاستنزمی گاڵتەجاڕانە، تێکستگەلێکی نافۆرم و ستایلێکی هەڵەیان هەڵبژاردووە، نەیانزانیوە داخۆ هیپ‌هۆپ چیە. سینگیان تاشیوە لەبەر ئەوەی دوو کچ بیانناسێن هاتوون کەلتووری هیپ‌هۆپیان دەنێوان کوردەکان‌دا شێواندووە. ئەلبوومی ڕێگا ئەم ڕچەیەی شکاند و ڕێبازی ساغ و ڕاستەقینەی هیپ‌هۆپی کوردی ئاراستە کرد.

هەڵکەوتنی نادڵخوازی ئێستەکانێ کوردەکان لەچوار بەشی لێکدابڕاو و فرەیێتی زاراوەگەلی کوردی، تاچەندە لە پەراوێز خستنەوەی ڕاپی کوردی ڕۆڵی بینیوە؟ ئایا ئێوە ئەمە بەخاڵێکی پۆزەتیف یان نێگەتیف دەزانن؟ چۆناوچۆنی لێکدەدەنەوە؟ مەبەستم بەتایبەت فرەیێتی زاراوەگەلی کوردی لەسورانی بگرە تا هەورامی و کەلهوڕیە؛ پێتوایە ئەم فرەیێتیە دەکارێ هەلێک ژ بۆ برەودانی ڕاپی کوردی ڕەخسێنێ یان دەبێتە ئاستەنگ؟

حەتمەن کارتێکەری نەرێنی بووگە. گەلێک جێداخە کوردان گشتکاتێک لێک جوێکراونەتەوە و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر کەم بووە، ئەوەش بووتە هۆی ئەوە جیاوازی زاراوەکان زەقتر دەرئەکەوێ. ئێمە دەتوانین جووڵانەوەگەلێک لەبەستێنی زاراوەکان پێکبهێنین کە بەرەو خاڵەهاوبەشەکان وەریانچەرخێنین. فرەیێتی ئەم زاراوەگەلە خاڵێکی پۆزەتیڤە ئەگەر وەک هەلێک هەڵیسەنگێنین. ڕۆڵی موسیقا لەم بەستێنەدا جێدڵگەرمیە و ئەمن ئاسۆ ڕوون دەبینم. دڵنیام.

سپاس کاک نەوید گیان بۆ ئەو دەرفەتەی پێمانت بەخشی!

خوێنەرانی هێژا بۆ داگرتن و پەیوەندی لەگەڵ نەوید زەردی دەتوانن سەردانی فەنپەیجەکەی خۆی بکەن:

**http://www.facebook.com/pages/Navid-Zardi/187913064552398**



